## وون بوون (هۆنراوەی شاڵاو)




وەکو گەڵای ئەو درەختەم کە با دەیبا لە دوای پایــز
وەکو گوڵی ئەو نێرگزەم بە جێ مابێ لە دوای ئــازیز
وەکو دەریا شەپۆڵ دەدەم بە گریانم هــــــەراسانم
بەچواردەورم گێژەن دەخۆم چی بەسەرهات دەزگیرانم
دەزگیرانم وەکــو پەری لـــە کەناری خۆر ئاوا بوون
بە بێ بزەی ماڵ ئاوایی لە دەستم دەرچووە بێ شوون

ئەورۆژانەی بەیەکەوە پەڕەی گوڵمان هەڵدەوەراند
ئەو ساتانەی لە لێوی یەک ماچی بەهــاریم دەچاند
ئەوساتانەی وەکـو سۆزی عەشقــی شەوی دووری وڵات
ئەو کاتانەی بەیەکەوە خەم لە بەر پێمان هەلدەهات
ئێستا ئێرە ووشکە بۆ من وەکو وەرزی گــەڵا وەریو
ئێستاپێکــی پەشیمانیم ئەنۆشم لــە داخی ئەوین
ئازارێکــی پڕگریانم چاوی ڕۆژم قەت هەڵــــنایێ
برینێکــی بە جێ ماوم لە دوای یارم کەچی نایێ
بگـــــەڕێوە تاکو دەستی باخچەو بەهار لێرە بگرین
بگەڕێوە لە غەریبی باچیدی بـــــۆ یەکتر نەگرین
وەرەوە وەرەوە دەردی دڵ چـــــــارەکـــەین
دەردی دڵ گــــــــرانەوبائیتر چارەی کەین
با ئیتر نەسووتێین هەردووکمان تاکـــو هەین
****

Shallaw1@hotmail. com